# ناوچەگەریتی و کولتوریکی قیزەون

Ibrahim Melazade
Malazada86@hotmail.com

لە دوای خوێندنەوەی بابەتێکی بەڕێز کامل السعدون سەبارەت بە (پیشانگای نێودەوڵەتی کوردستان)، ڕووداوی ئاگرتێبەردانی ماڵی بەڕێز ڕێبوارسیوەیلیشم کەوتە بەرچاو*.
بەراوردێکی ئاسایی لە نێوان زەن پێبردنێکی پڕزەتیفانەی نوسەرێکی وەکو ئەو برادەرە عەرەبە بە کوردستان و بارودۆخی ئەمڕۆی ئەوێ لەگەڵ ئەو ڕەفتارە دزێوانەش کە لە کوردستاندا ڕوودەدەن، هەر لە گرتن و ڕاوەدوونانی ڕۆژنامەنووسان و دانیان بە دادگا و دوا ڕووداوی ئاگر لە ماڵ بەردانیشیان، مرۆڤی هۆشیار و خاوەن ویژدان دووچاری شەرمەزاری دەکات.
شتێک کە هەمیشە نارەحەتم دەکات و نەفرەتی لێدەکەم، شارشارانێ و ناوچەگەری و عەشیرەتگەریە. هەمیشە هەستم وابووە کە ئەوەی قسە بە شارەکەی من یا گووندەکەی من یا عەشیرەتەکەی من دەڵێ دیارە بەر لەوەش بە شار و گووند و عەشیرەتی خۆیشی گووتووە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لەدەستی نالاندوویەتی. ئەو کەسانە هەرگیز شایستەی ئەوەنین وەلامیان بدرێتەوە، ئەوانە داینەمۆی کۆنەپەرستی و بۆگەنی ناوچەگەریتی هەڵیاندەسورێنێ.
شوێنی لە دایک بوون قەدەریکە و مرۆڤ توانای هەڵبژاردنی نیە، ئەگینا خۆ لەوانەیە زۆر خەڵک هەبێ حەز بکا لە شوێنێک لە دایک بێ کە بە دڵیەتی، هەر وەکو دەستی لە هەڵبژاردنی ناو و ڕەنگی خۆیشی نیە.
نوسینی نوسەرێکی وەکو بەڕێز ڕێبوارسیوەیلی لە چوارچێوەیەکی فیکری تایبەت بە خۆی، ڕاوبۆچوونێکی خۆیەتی و جێگای داخە بگاتە ئەو ڕاددەی خانوو ماڵی بسووتێنرێ. ئەمە کولتووری ئەو ڕۆژانەیە کە بەغدا و نەجەف و شارە عەرەبیەکانی تری عیراق پێیەوە دەناڵێنێ. بۆ کوشتن قیزەونتر و ترسناکترە یا ڕەفتارێکی سێکسی ناشەرعی یا ڕێزپەڕ؟!. ئەو شوێنەش کە ڕەسەنە و بە ڕەسەنیش هاتووە، بە کاردانەوەی نابەجێ ڕەسەنایەتی ناپارێزرێ. هەڵسانی هاوار لە پیاوێکی وەکو بەڕێز کامل السعدون بۆ ئەو هەموو لە خۆدان و شین و شەپۆڕەی کە لە نەجەف و شارە شیعەنشینەکان دەکرێ و ئەو کوشتن و برینەی کە لە شارە سوننینشینەکان دەکرێ و دواتریش بەراوردنەکردنی لەگەڵ کوردستان ئەمە شانازیە بۆ ئێمەی کورد و بەڵگەشە کە خەڵکی تەماشای قسە و دروشم ناکەن و زەمەنیان بەسەر چوو بەڵکوو تەماشای ڕەفتار و هەڵس و کەوت دەکەن. لێ ئەی ڕووی خۆمان بۆ کوێ ببەین لەو نوسینانەی کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و لاپەڕەکانی ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە، لەسەر سولێمانیچیاتی و هەولێرچیاتی و هەتادوایی ئەو نەفامیەی کە یەقەی زۆرانێکی گرتووە و پێڕەوی ئەو کولتوورە دەکەن کە بەعسی فاشی ساڵانێکی دوور و درێژ کاری بۆ دەکرد بۆ ئەوەی بمانکات بە لەقینەی

ئاش و کورد بە کورد ڕیسوا و ڕەزیل بکات. باشە ئەی ئەگەر ئەوەی هەردوو لا لەسەر یەکتری دەڵێن ڕاست بێ خۆ ئەوە کارەساتە. ئەگەر ڕاستیش نەبێ ئەوە دۆڕاوی ئەو کەسانەیە و وەکو ئەو کەسە وایە کە باسی نەدەکرا و دەچوو لەسەر کانی گووندەکەی خۆی پیسایی دەکرد، بۆ ئەوەی باسی بکەن.

ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ڕۆشنبیر و قسە و قسەڵۆک بۆ یەکتری هەڵدەبەستن و ناوناتۆرە بۆ یەکتری دەدۆزنەوە، ئەگەر خۆیان بە لاوە ڕۆشنبیر و بە ئاگا بێ با بزانن ئەوە کولتورێکی دواکەتووی قێزەونی ناشیرینە، ئەوەی ڕەواجی پێدەدا بە هەمان هاوکێشە دواکەتو و قێزەون و ناشیرینە، بەڵام بە خۆی نازانێ. با لە یادیشیان نەچێ، نە چەم بێ چەقەڵ دەبێ و نە بیشیش بێ شێر.

پێویستە ڕێز لە ڕاو بۆچوونەکانی یەکتر بگیرێ، ئەوەی لە نوسینەکانی بەڕێز ڕێبوار ڕازی نیە، دەتوانێ بە شێوەیەکی زانستی بۆی بسەلمێنێ کە ئەو ڕاو بۆچوونانە هەڵەن. بەڵام گەورەکردن و هەڵئاوساندنی هزر و بۆچوونێک تا ئاستی ئاگر لە ماڵ بەردان، کولتوورێکی ترسناکە و لەسەر هەموو لایەک پێویستە دژی بوەستینەوە. ئەمە سەرەتاییێکی ناشیرین و ناجوامێرانەیە ڕۆشنبیرێک لەسەر هزر و بۆچوونەکانی شارێکی وڵاتی خۆی بەجێبێڵێ و بچێتەوە شارەکەی خۆی. لەسەر ڕۆشنبیرانی هەولێر پێویستە بەر لەو نامۆییە بگرن و بەڕێز ڕێبواریش لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە.

* سەرچاوەی هەواڵەکە:

http://www.kurdistanan.com/Nûche%20sept/rebwar%20seweyli20050916.htm

هۆڵەندا
05/09/17